گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper20
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٢/٠٩/٢٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٠
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# ئاستی بەرکەوتنی مامۆستایانی میدیا بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

**یەحیا عومەر ڕێشاوی[1] - مەهدی عبدالله حەسەن[2]**

yahya.fatah@spu.edu.iq - mahdi.abdullah@spu.edu.iq

[1+2]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاستی بەرکەوتنی مامۆستایانی میدیا بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان) کە ئامانج لێی زانینی بۆچون و ئاستی بەرکەوتنی مامۆستایانی میدیایە بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بەو پێیەی بەشێکی زۆر لە بینەری هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییەکان بە گرنگییەوە دەڕواننە هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)و وەک نەریتێکی میدیایی کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان و کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان گرنگی زۆر بە هەواڵەکان لەم کاتەدا دەدەن و بابەت و ڕوداوەکانی ئەم ڕۆژە لەم کاتەدا ڕوماڵ دەکەن، چونکە لەم کاتەدا چینێکی زۆری کۆمەڵگە بە بایەخەوە دەڕواننە هەواڵەکانی کاتژمێر هەشت.

ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە وەسفیەکانە و فۆرمی ڕاپرسیی بەکارهێناوە وەک ئامرازێکی بەکارهاتو لە توێژینەوە میدیاییەکاندا، لە کۆتاییدا توێژەران گەشتونەتە چەند دەرەنجامێک، لەوانە: کەمبونەوەی ڕێژەی بینینی هەواڵەکان و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی گشتیی و پەیدابونی جێگرەوەی دیکە بۆ ئامرازی تەلەفزیۆن، هەروەها لە کاتی تەماشاکردنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)دا جۆرێک لە گفتوگۆ لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکەو ئەندامانی خێزان و هاوڕێکاندا دروست دەبێت. لەلایەکی دیکەوە زۆرینەیەکی ڕەهای سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم بینەری هەواڵە سیاسیەکانن، پاشان هەواڵی هەمەڕەنگ و پاشان هەواڵە ئابوریی

و هەواڵە كۆمەڵایەتییەكانن و زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەكە پێیان وایە كە هێشتا كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان نەبونەتە جێگرەوە بۆ سەرچاوە هەواڵیەكانی دیكە.

كلیلە وشە: (هەواڵەكان، كەناڵە ئاسمانییەكان، پشت بەستن بە ئامرازەكانی میدیا، هەواڵەكانی كاتژمێر هەشت)

## پێشەكی

ئامرازەكانی میدیا سەرچاوەیەكی سەرەكی و سەرنجراكێشی پێدانی هەواڵ و زانیاری و ئەركە جۆراوجۆرەكانی دیكەی بواری میدیان، لە ڕێگەی كەناڵە میدیاییەكانەوە بیرۆكەو گۆشەنیگاكان دروست دەبن و كاریگەریی لەسەر كۆمەڵگە دروست دەكەن و ڕەفتارەكانی تاك دەگۆڕن، لە نێو ئامرازەكانی میدیا كەناڵە ئاسمانییەكان پانتاییەكی بەرفراوانی سەرچاوەی زانیاریی وەرگرانی میدیایی داگیردەكەن و بەشێكی زۆر لە كەناڵە ئاسمانییەكان بایەخێكی تایبەت بە بواری سیاسیی و هەواڵەكان دەدەن و پانتایی تایبەتی بۆ تەرخان دەكەن.

لە نێو ئەو پانتاییەدا هەواڵەكانی (كاتژمێر هەشت) وەك نەریتێكی میدیایی بایەخی تایبەتی پێدەدرێت و هەندێك لە شرۆڤەكارانی بواری میدیا بە (كاتی ئاڵتونی) ناوزەدی دەكەن، بە جۆرێك پێش پەیدابونی ئینتەرنێت و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، هەواڵەكانی (كاتژمێر هەشت) جێبایەخی زۆرینەی ئەندامانی خێزان و سەركردە سیاسیی و كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگە و چاودێرانی ڕەوشی سیاسیی بوە، ئەگەرچی ڕەنگە ئەو بایەخە ئێستا كەمتر بوبێتەوە، بەڵام هێشتا چاودێریی هەواڵەكانی كەناڵە ئاسمانییەكان و بەتایبەت هەواڵەكانی (كاتژمێر هەشت) بونی هەیەو كاریگەرە.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لە ڕوانگەی زانینی ئاستی بەركەوتنی مامۆستایانی میدیا لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان لەم بابەتە بكۆڵێتەوەو شەن و كەوی بكات بە ئاڕاستەكردنی كۆمەڵە پرسیارێكی تایبەت بە توێژینەوەكە لەم توێژە، پرسیاری سەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی، كە ئایا ئاستی بەركەوتن و شێوازی مامەڵەی مامۆستایانی میدیا چۆنە لەگەڵ هەواڵەكانی (كاتژمێر هەشت)ی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان؟

توێژینەوەكە پێكهاتوە لە چوار دەروازەی سەرەكی، دەروازەی یەكەم تەرخانكراوە بۆ میتۆدنامەی توێژینەوەكەو دەروازەی دوەم باس لە هەواڵ و پێگەی هەواڵ دەكات لە كاری میدیاییدا، لە دەروازەی سێهەمدا شرۆڤەی تیۆری (پشت بەستن بە ئامرازەكانی میدیا) كراوەو دەروازەی چوارەمیش بۆ لایەنی پراكتیكی توێژینەوەكە تەرخانكراوە، لە كۆتاییدا ئەنجامەكان و پێشنیارو ڕاسپاردەو سەرچاوەكان.

## دەروازەی یەکەم:

## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

1- کێشەی توێژینەوەکە: هەواڵەکانی کاتژمێر هەشت گرنگییەکی زۆری بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان هەیە، چ لە ڕوی ڕوماڵی هەواڵەکان و پێدانی زانیاریی بە هاووڵاتیان، دیارە لەنێو دەستەبژێری کۆمەڵگە مامۆستایانی زانکۆو لە نێوشیاندا مامۆستایانی میدیا بەرکەوتن و مامەڵەی زیاتریان لەگەڵ میدیا بەگشتی و هەواڵەکان بە تایبەتی هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت شرۆڤەی ئەم بابەتە میدیایە گرنگ بکات، بە زانینی ئاستی مامەڵەو بەرکەوتنی مامۆستایانی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە ڕێگەی وەڵامدانەوە ئەم پرسیارانە:

-ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چۆن ئاراستەی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) دەکەن؟

- ئایا ئاستی بەرکەوتن و ڕوانگەی مامۆستایانی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان چییە بۆ هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان؟

-ئایا نەریت و شێوازی بینینی هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای مامۆستایانی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان چۆنە؟

2- ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی بەرکەوتنی مامۆستایانی میدیایە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هەروەها زانینی نەریت و شێوازی موتابەعەی مامۆستایانی میدیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت).

3- گرنگی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە جگە لەوەی، کە بۆشاییەکی زانستی لە بواری توێژینەوە زانستییەکانی بواری میدیا پڕ دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا دەبێتە خزمەتێک بۆ بینەرانی هەواڵەکانی کاتژمێر هەشت، کە چاوەڕوانی ڕوداوەکانی ئەم ڕۆژە دەکەن. بەو پێیەی یەکەم توێژینەوەیە کە لەسەر (هەواڵەکانی کاتژمێر هەشت) کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدرێت، هەروەها دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە خزمەتێک بە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکات بۆ شێوازی ئاراستەی پێشکەشکردنیان بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت).

4- میتۆدو ئامرازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفیی بەکارهێناوە وەک میتۆدێکی باو و بەکارهاتو لە زۆربەی توێژینەوە میدیاییەکاندا و سود لە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی وەرگیراوە بۆ گەشتن بە دەرەنجامی زانستی.

5- چەمک و زاراوەکان:

–هەواڵ: ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زانیاری لەسەر ڕوداوێک لە شوێنێکەوەو لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ وەرگرانی پەیامی میدیایی، بەشێوەیەکی بابەتیانە.

–بەرکەوتن: بابەتێکی میدیاییە، بە مانا بەرکەوتن و مامەڵەی وەرگران ئامرازە میدیاییەکان بۆ پەیامە میدیاییەکان و ئەم بەرکەوتنە دەکرێت بە ویست بێت و دەکرێت بەبێ ویست بێت.

–کەناڵی ئاسمانی: ئامرازێکی میدیاییە ئامانجی گواستنەوەی ناوەڕۆکێکی دیاریکراوە بۆ جەماوەرێکی زۆر لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری.

## دەروازەی دووەم:

## هەواڵ و پێگەی هەواڵ

### 1- هەواڵ چییە؟

وشەی هەواڵ واتە ئەو زانیاریانەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە. کەواتە مەبەست لە هەواڵ جۆرێکی تایبەتی زانیاریە، هەواڵ بۆ زۆرێک لە خەڵک سەرنجراکێشە، بەتایبەت ئەگەر نوێ و هەنوکەیی بێت. تایبەتمەندیەتی هەواڵ لەوەدایە، بەوەی دەبێت پوختەو چڕکرابێتەوە ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئاسان تێگەیشتن و لە زهنی وەرگر بمێنێتەوە. لە ئێستادا ڕۆژانە لە ڕێگای ئینتەرنێت و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان ... هتد. ڕووبەڕوی چەندین جۆر لە دارشتنی هەواڵ دەبینەوە. ڕوداوەکانیش دارشتنی جیاوازیان بۆ دەکرێت. (S ،Winfried Schultz1990: 9)

بە بۆچونی ڤینفرید شولتز :

"ڕوداوەکان تەنها کاتێک دەبنە هەواڵ، کە لە کۆی گشتی و ئاڵۆزی ئەو شتانەی ڕودەدەن هەڵبژێردرێن. شوێن و کاتی ڕوداوە جیهانییەکان دەبێت ئەو ڕاستیانە وەربگێڕدرێت بۆ هەواڵ و لێکدانەوەی بۆ بکرێت. ئەمەش لە قۆناغێکی زۆر سەرەتایی چاودێریکردندا ڕودەدات و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت".(S ،Winfried Schultz1990: 9)

لێرەدا دو لایەنی گەیاندنی هەواڵ ئاماژەی پێدرا: هەڵبژاردنی هەواڵ– بەشێوەیەکی دانەبراو بەیەکەوە پەیوەستن بە لێکدانەوە: هەڵبژاردنەکە کەم تا زۆر– بە ئاگادارییەوە لەلایەن وەرگرەوە قبوڵ دەکرێت. هەڵبژاردنی هەواڵێکی هەڕەمەکی لە ڕوداوە جیهانیەکان دیارە نابێتە جێگای ڕەزامەندی وەرگر. بۆیە لە میدیاکان وا چاوەڕێ دەکرێت بەوەی تەنها ڕوداوە سەرنجراکێشەکان بگەیەننە جەماوەر. ئەرکی میدیاکانە چاودێری ڕوداوەکان بکەن لە ڕوی گرنگی و سەرنجراکێشانەوە و هەڵسەنگاندنی لێکدانەوەی بۆ بکەن. دیارە گرنگی و سەرنجراکێشی بە شێوەیەکی گشتی لە گفتۆگۆی زانستیدا بە مانادار و پەیوەندیدار دێت. لێرەدا داواکاریەکە ئەوەیە، بەوەی دەبێت بە چاوێکی گونجاو هەواڵەکان هەڵبژێردرێت. بە تایبەت لەم جیهانە

ئاڵۆزدا، کە مرۆڤ تەنیا وابەستەی ئەزمونە لاوەکییەکانە لە ڕاپۆرتکردنی کاری میدیایی و بەتایبەت لە کایەی سیاسیدا. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت، بەوەی میدیاکان وێنەیەکی هەرچەندە بچوککراوە بێت بەڵام ڕاستی و ڕاستگۆیی بگەیەنێت. بڕیاردان لەسەر ئەوە، کە کام لایەنی ڕوداوەکانی جیهان پەیوەندی بە جەماوەرەوە هەیە، پرسیارێکی لێکدانەوەی لەخۆدەگرێت. لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە ڕەخنەی هەڵبژاردنی هەواڵێک ناکرێت، بەڵکو ئەو پێوەرانەیە، کە ڕۆژنامەنوس ڕوداوەکان وەک گرنگ لێکدانەوەی بۆ بکات. ( Ines Bose und 2011 Dietz Schwiesau .S 26-28)

بە مانایەکی دی لە زمانی ڕۆژانەدا هەواڵ ئاماژەیەکە بە ناوەڕۆکی زانیاری. گەیاندنی هەواڵێکیش بریتییە لە ئاگادارکردنەوە. لە تیۆریەکانی زانیاری هەواڵ بە مانای زانیاری دێت، کە دەتوانرێت لە ڕوی چەندایەتییەوە وەک ئاگادارکرنەوە بێت و لەڕوی چۆنایەتییەوە وەک هێمایەکی مانادار‌بێت.

هەواڵ لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشندا لە ڕێگای کۆدێک لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بەپێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەگوازرێتەوە. هەواڵی سەرنجڕاکێش بۆ وەرگر هەمیشە بەهای خۆی هەیە، لێکدانەوەی لای دروست دەکات و لە هەمانکاتدا کاردانەوەی بۆ دەبێت. هەواڵەکان بنەمایەکی بنەرەتی کۆمەنیکەیشنن ئەم بابەتەش لە لایەن زانستە جیاوازەکان بەتایبەت ڕەچاودەکرێن، لەوانە نیشانەناسی و تیۆری زانیاری و زانستەکانی کۆمەنیکەیشن و تەکنیکی هەواڵ و توێژنیەوەکانی ڕەفتار. (Christiane Eilders، 1997، S، 19-21)

لەم ڕوانگەوە بەهای هەواڵەکان ئەگەری ئەوە زیاد دەکات کە ڕوداوەکان لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە سەرنجیان بدرێت و هەڵبژێردرێن. جگە لەوە، هۆکارە هەواڵییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەو فۆرمەی کە بابەتەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و کام لایەنی تایبەت دەخرێتەڕو یان بەتایبەتی جەختی لەسەر دەکرێتەوە. هەر ئەمە دەبێتە هۆکارێک، کە زۆرجار فاکتەری هەواڵ و بەهای هەواڵ بە هاوواتا بەکاردەهێنرێت. باس لە تایبەتمەندی ئەو ڕوداو و بابەتانە دەکەن کە هەڵدەبژێردرێن بۆ بڵاوکردنەوە لە هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان و بەپێی چەندایەتی و چڕی و پێکەوەبونیان بەهای بابەتێکی هەواڵ دیاریدەکەن.

## 2- ڕەهەندەکانی هەواڵ:

هەندێک لە شارەزایانی بواری کۆمەنیکەیشن بە شەش ڕەهەندی جیاواز بەها هەواڵییەکان دیاری دەکەن، بەوەی ئەم ڕەهەندانە وەک بنەمایێک بۆ پێگەی هەواڵ لە کاری ڕۆژنامەوانیدا بە گرنگ وەسف دەکەن.

-ڕەهەندی یەکەم: کات. کات زیاتر پەیوەندی بە ماوەی ڕوداوەکەوە هەیە (ڕوداوی کورتخایەن بەرامبەر بە ڕوداوە درێژخایەنەکان) لە هەمانکاتدا بابەتەکەش گرنگی خۆی هەیە، بەوەی ئایا بابەتەکە ماوەیەکی زۆرە ناسێنراوە یان هێشتا جێگیر نەکراوە؟

-ڕەهەندی دوەم: نزیکایەتی. دەتوانریێت دابەش بکریێت بەسەر نزیکایەتی فەزای (جۆگرافی)، سیاسی و کولتوری بەپێی ئەم بنەمایە، پەیوەندییەکەی دیاری دەکات، واتە گرنگی ڕوداوەکە و ڕادەی نیگەرانی.
-ڕەهەندی سێیەم: دۆخ. فاکتەرەکان لێرەدا بریتین لە ناوەندگەرایی ناوچەیی و نەتەوەیی هەروەها دیاربون و کاریگەری کەسی ئەو کەسانەی کە بەشدارن لە ڕوداوەکەدا.
-ڕەهەندی چوارەم: داینامیکی. ڕادەی سەرسوڕمان، بەڵام پێکهاتەی ڕوداوەکەش دەتوانرێت وەک فاکتەری چارەنوسساز ناوزەد بکرێت.
-ڕەهەندی پێنجەم: ڤالێنس یەکسانی . بەهای ئەم ڕەهەندە زۆرجار لەگەڵ سروشتی هەواڵی ناخۆشدا دەگونجێت و هەربۆیە لەسەر بنەمای فاکتەرەکانی وەک ململانێ و تاوان و زیان و شکست دامەزراون، بەڵام لە بەرامبەردا سەرکەوتن و پێشکەوتنیش پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.
-ڕەهەندی شەشەم: ناسینەوە. لێرەدا مەبەست لە ناسینەوە ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانایانەیە، کە زیاتر سەرنج دەخاتە سەر بەها و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەک. ( Kepplinger, Hans Mathias 1998، S. 34-36)

## 3- تایبەتمەندیەتی هەواڵ

هەواڵ دەبێت ڕاستەوخۆ بێت و بابەتێکی ئاگادارکەرەوە بێت گرنگی هەبێت بۆ جەماوەر. لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێت شەش تایبەتمەندی هەواڵ بە وردی دیاری بکرێت.

1) هەواڵ زانیاری نوێ دەبەخشێ: ئەمەش گرنگترین تایبەتمەندیەتی. زانیاری تەنها کاتێک دەبێتە هەواڵ، ئەگەر نوێ بێت. ئەوەی پێشتریش نەزانراوە، خەلکێش پێویستی بەوەیە شتێک بزانێت کە پێشتر نەزانراوە، کەواتە هەواڵ نەزانی لەناودەبات یان بە لایەنی کەمەوە کەمی دەکاتەوە، ئەوەش وایکردەوە کە سەرنج ڕاکێش بێت.
2) هەواڵەکە ڕاستەوخۆبێت: نوێترین و گرنگترین زۆرترین کات لە سەرەتاوەیە. ئەمەش هەواڵەکە لە ڕاپۆرت و فۆرمەکانی تری کاری ڕۆژنامەوانی جیادەکاتەوە. نمونە: ئەمرۆ موچە دابەش دەکرێت.
3) هەواڵ لە بابەتە سەرکیەکان کورتدەکرێتەوە، بێ درێژەپێدان ... و دەبێت بە زمانێکی ئاسان و پاراوە دابڕێژرێت.
4) هەواڵەکە تا بتوانرێت بابەتیانە بێت. لە یاسا بنەرەتیەکانی هەواڵ پێش هەر شتێک باسی پیشەیی دەکرێت، ئەمە بەمانای ڕاستگۆیی و بێلایەنی ... هتد. هەڵبەتە زاراوەی بابەتیانە لە سەر ئەم پێوەرانەی داڕێژراوە.

5) هەواڵ خەڵک لە ڕوداوێک ئاگادار دەکاتەوە. ئەمەش بە واتای پرۆسەیەک دێت، کە شوێن و کاتی سنورداره. بۆ ئەم کردەیەش دەبێت بەهای هەواڵی هەبێت بە واتایەکی دی دەبێت نوێ و پەیوەندیدار و سەرنجڕاکێش بێت بۆ خەڵک.

دەبێت هەواڵ بەزوترین بخرێتەڕو: هەر کەسێک یان هەر دەزگایەک نوێترین هەواڵی ڕۆژی لابێت، دەسەڵات و کاریگەری زیاتر دەبێت. هەنێک جار سودی مادیشی زیاتر دەبێت. بۆ نمونە ئەگەر بەرواری دابەش کردنی موچەی لابێت. هەر بۆیە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژو هەمو هەوڵێکی داوە، بۆ ئەوەی هەواڵەکان خێراتر بگەیەنرێن. ( Dietz Schwiesau / Josef Ohler، 2016، S. 29-31)

## 4- بەهای هەواڵ:

بیرۆکەی بنەڕەتی تیۆری بەهای هەواڵ بۆ یەکەمجار لەلایەن واڵتەر لیپمان لە ساڵی ١٩٢٢ داڕێژرا. هەر ئەو پێوایە، بەوەی هەڵبژاردنی هەواڵ لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای ئەو شتانەن کە پێیان دەوترێت فاکتەری هەواڵ، کە پێکەوە بەهای هەواڵی ڕوداوێک یان بابەتێک پێکدەهێنن. هەڵبەتە چەند مۆدێلی جیاواز دەبنە بنەمایەک بۆ هۆکارەکانی هەواڵ ئەمانەش بە تێپەڕبونی کات دەگۆڕدرێن هۆکارەکانی هەواڵ بریتین لە: شەڕانگێزی/ ململانێ، گرنگی، ماوەیی، ناوبانگ، هەست، بەردەوامی، مشتومڕ، نزیکی، گەیشتن، پەیوەندی، زیان و سود (ئەگەری بەباتکردن) کاریگەری و سەرسوڕمان و گریمانە. ئەو ڕوداوانەی کە بەهای هەواڵیان بەرزە، زیاتر لە هەواڵەکاندا باسیان لێدەکرێت و جەخت لەسەر ئەو لایەنانە دەکرێتەوە کە لەگەڵ هۆکاری هەواڵەکەدا دەگونجێت. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئاڵۆزی زانیاری لە بەهای هەواڵ کەم دەکاتەوە. چونکە لە ڕاستیدا تەنها بەشێکی کەم لەو شتانەی کە ڕۆژانە لە سەرانسەری جیهان ڕودەدەن دەتوانرێ بکرێنە هەواڵ. بەهای هەواڵ واتە شایستەیی لە بڵاوکردنەوەی ڕوداوەکان، ئەوەش دەرئەنجامی ئەو تایبەتمەندیانەی کە ڕۆژنامەنوسەکان دەیگێڕنەوە بۆ ڕوداوەکان. ( Kepplinger, Hans Mathias، 1998، S. 46)

## دەروازەی سێهەم:

## تیۆری (پشت بەستن بە ئامرازەکانی میدیا)

ئەم توێژینەوەیە بە ناوەڕۆک و دەرەنجامەکانی تیۆری میدیایی بەناوبانگ: (ئامرازەکانی میدیا) و توێژەران ئەم تیۆرەیان بە گونجاو زانی بۆ ئەوەی سود لە ناوەڕۆک و دەرەنجامەکانی وەربگرن بۆ توێژینەوەکەیان.

دیارە پاش فراوانبونی پانتایی وەرگرانی ئامرازە میدیاییەکان و هەڵکشانی کاریگەریەکانی، پسپۆران و شارەزایانی بواری میدیا دەستیان کرد بە ڕاڤە کردن و شیکردنەوەی سروشتی کاریگەریی میدیا لەسەر

تاک و لەسەر کۆمەڵگە، لە دەرەنجامدا چەندین تیۆر پەیدابون و هەریەکەو لە گۆشەنیگایەکەوە سروشت وشێوازی کارکردنی ئامرازە میدیاییەکانیان لێکدەدایەوە، یەکێک لەو تیۆرانە تیۆری (پشت بەستن بە ئامرازەکانی میدیا)یە، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین تیۆرەکانی کاریگەریی مامناوەندو و پێچەوانەی تیۆری کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان بەهێزە لە بواری میدیادا و تا ئەم ساتەش بەشێکی زۆر لە توێژینەوە میدیاییەکان پشتی پێ دەبەستن و وەک سەرچاوەیەکی شرۆڤەی پرۆسەی میدیایی دادەنرێت.

مێژوی دەرکەوتنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1976 و بۆ یەکەم جار لەلایەن هەردو توێژەر (ساندرا پۆل و میلیڤان دیفلۆر) هێنرایە نێو کایەی شیکردنەوە زانستییە میدیاییەکان و پاشتر چەندین زانا و توێژەر دەوڵەمەندیان کرد.

ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە خەڵکیی بە ویست و ئارەزوی خۆیان پشت بە ئامرازێکی میدیایی دیاریکراو دەبەستن، ئەویش لە پێناو تێرکردنی پێداویستی و خواستەکانیان، کە ئەم تێروانینە زۆر نزیکە لە خوێندنەوەو تێروانینەکانی تیۆری (بەکارهێنانەکان و تێرکردنەکان) لە بواری میدیادا، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە (پشت بەستن) واتە ڕادەی پشت بەستن بە ئامرازێکی دیاریکراو بۆ کردن بە سەرچاوە بۆ ڕوداو و بابەتە وروژێنراوەکان، ئەم پشت بەستنەش بە ئامرازێکی دیاریکراو پەیوەست نییە بە بەکارهێنانی، هەربۆیە دەکرێ کەسێک کاتێکی زۆر لەگەڵ ئامرازێکی دیاریکراودا بەسەر ببات، بەڵام بۆ سەرچاوەی زانیاریەکانی پشت بە ئامرازێکی دیکە ببەستێت. (المشهدانی، 2020، ص363).

تیۆری (پشت بەستن بە ئامرازەکان میدیا) یەکێکە لە تیۆرەکانی پەیوەست بە جەماوەری وەرگری پەیامی میدیاییەوەو هەندێک لە ڕەگەزەکانی زانستی کۆمەڵناسیی و زانستی دەرونناسی تێدایە و ڕاڤەی پەیوەندی هۆکاریانەی نێوان سیستمە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ڕون دەکاتەوە کە دواجار دەبێتە هۆی تەواوکاری نێوان ئەم سیستمانە، ئەم تیۆرە تێکەڵەیەکە لە نێوان تیۆری بەناوبانگی (بەکارهێانەکان و تێرکردنەکان) و نێوان تیۆرە تەقلیدیەکانی کاریگەریی و ئەم تیۆرە تێروانینێکی فەلسەفیانە دەخاتەڕو، کە لە نێوان بەهێزیی و ڕاستەوخۆ بونی کاریگەریی پەیامی میدیایی و نێوان لاوازی و ناڕاستەوخۆبوندا. (نظرية الاعتماد علی وسائل الاعلام، https://eipss-eg.org/).

ئەم پشت بەستنە و هەڵبژاردنی ئامرازێکی دیاریکراوی میدیایی وەک سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی، دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانەی کە مرۆڤی تێدا دەژی، هەروەها بۆ ئەو باگراوندە ئایدۆلۆجیی و فیکرییەی کە کاریگەریی لەسەر کەسەکە دروست دەکات بۆ ئەوەی ئامرازێک دیاری بکات و بیکاتە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی و ئامرازێکی دیکە فەرامۆش بکات، وێڕای ئەوەی خودی ئامرازەکە ڕەنگە کاریگەریی هەبێت، واتە وەرگر لە نێو ئامرازە بینراو و بیستراو و نوسراوەکاندا جۆرێکیان

دیاری دەكات و دەیكاتە سەرچاوە، بە پێی خواست و سەرنجراكێشیی ئامرازەكە و توانای ئەو كەسە و ئەو ژینگەی تێیدا دەژی و چەندین فاكتەری دیكە.

تیۆری (پشت بەستن بە ئامرازەكانی میدیا) كۆمەڵێك گریمانەی زانستیی لەخۆدەگرێت، لەوانە:

1- جیاوازی ڕادەی سەقامگیریی و هاوسەنگیی لە نێو سیستمێكی كۆمەڵایەتیدا بۆ گۆرانكاریە خێراكانی دەگەڕێتەوە، هەربۆیە پێویستیی بە زانیاری و هەواڵەكان زیاد و كەم دەكات بە پێی پێویستیی بەم هەواڵ و زانیاریانە، بە جۆرێك تاكەكان زیاتر پشت بە ئامرازە میدیاییەكان دەبەستن بۆ دەستكەوتنی زانیاریی.

2- زیندوێتیی سیستمی میدیایی بۆ تاكەكانی كۆمەڵگە، ڕادەی پشت بەستنی جەماوەر بە ئامرازە میدیاییەكان زیاد دەكات بۆ تێركردنی پێویستیەكانیان.

3- جیاوازیی پێویستیەكانی جەماوەر و ئامانجە خودیی و دەرونییەكانیان كاریگەری لەسەر ڕادەی پشت بەستنیان بە ئامرازە میدیاییەكان زیاد دەكات. (مراد، 2011، ص 150)

كەواتە كەسەكان چوارچێوەو سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆریان هەیە بۆ ئەوەی پشت ببەستن بە ئامرازێكی میدیایی دیاریكراو، ئەویش بۆ ڕادەی هۆشیاریی سیاسیی و كۆمەڵایەتی و ئابوری باگراوندە ئاینی و فیكرییەكانی ئەو كەسانە، كە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ دیاریكردنی ڕادەو ئاستی پشت بەستنیان بە ئامرازێكی میدیایی دیاریكراو. (المشهدانی، 2020، ص365)

لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە كاریگەرییەكانی ئامرازەكانی میدیا دابەش دەبێت بۆ:

یەكەم: كاریگەریی مەعریفیی – التأثیرات المعرفية: Cognitive Effects.

كە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

1. ناڕونی- الغموض-Ambiguity : كاتێك كەسەكە كێشەی ناڕونی لە ئامرازە میدیاییەكەدا بۆ دروست دەبێت لە دۆخی كەمی زانیاریە پەخشكراوەكان، هەربۆیە ناچار پەنا دەباتە بەر ئامرازی دیكە، بە تایبەت لە كاتی قەیران و كارەسات و جەنگ و شۆڕشەكان.

2. پێكهێنانی ئاڕاستەكان- تكوين الاتجاهات : Attitude Formation -كاتێك ئامرازەكانی میدیا دەبنە هۆی پێكهێنانی ئاڕاستەكانی كەسەكان لەسەر بابەت و پرسە جیاوازەكان، بە خستنەڕوی ڕاوبۆچون و سەرنجی جۆراوجۆر، كە پێداویستیی كەسەكانە و بە شوێنیدا دەگەڕێن.

3. پلەبەندیی ئەجێنداكان – ترتيب الأولويات : Agenda Setting -ئەویش لە ڕێگەی ڕۆڵی ئامرازە میدیاییەكان لە ڕێكخستن و پلەبەندیی بایەخدانەكانی جەماوەر بە پێی ئەو بایەخدانەی ئامرازەكە بە بابەتێكی دیاریكراو دەیدات.

4. فراوانکردنی بیروباوەرەکان- اتساع المعتقدات : Enlargement Ideas- بە دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بیروباوەڕی کەسەکان و دانانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

5. بەهاکان – القیم : Values- بەوەی ئامرازەکانی میدیا گرنگی بەهاکانی لێبوردەیی و یەکسانی و یەکترویستن و چەندین بەهای تر ڕون دەکاتەوەو دەیگەیەنێتە جەماوەر.

دوەم: کاریگەریە ویجدانیەکان- التأثیرات الوجدانیةAffective Effects : -

ئەویش لە ڕێگەی:

1- بێباکی سۆزداریی- الفتور العاطفي- Desensitization: ئەمەش باس لەوە دەکات کە لە دەرەنجامی زیادەڕۆیی لە بینینی دیمەنی توندوتیژیی، ڕەنگە جۆرێک لە بێباکی سۆزداریی دروست ببێت لای کەسەکە.

2- ترس و دڵەڕاوکێ- الخوف والقلق - Fear and Anxiet : کاتێک جەماوەر بەرکەوتنی لەگەڵ هەندێ بابەتی ترسێنەر و دڵەراوکێ ئامێزدا دەبێت، دەکەوێتە حاڵەتی ترس و دڵەراوکێ لەوەی ئەویش دوچاری هەمان بارودۆخ ببێتەوە.

3- پاڵپشتی مەعنەوی و نامۆبون – الدعم المعنوي والاغتراب- Morale and Alienation -: ئەویش بە هۆی ئەو کاریگەریەی کە پەیامە میدیاییەکان لەسەر لایەنی مەعنەوی کەسەکان دروستی دەکەن و نامۆبون لای کەسەکان زیاد دەکات و زانیاری پەیوەست بە کولتورو ئینتما ئاینی و ڕەچەڵەکی و سیاسیەکانی نابینێت.

سێهەم: کاریگەریی ڕەفتاری- التأثیرات السلوکیة-Behavioral Effects :

لە گرنگترین کاریگەریە ڕەفتارییەکان کردنی کارێک یان نەمانی ئارەزو بۆ کردنی کارێک و ئەم جۆرەشیان دابەشکراوە بۆ (چالاککردن و تەمەڵکردن) (فهمي، 1999، ص 207)

## دەروازەی چوارەم:

## پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

### 1- هەنگاوە زانستی و سەرەتاییەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە

بە مەبەستی ئەنجامدانی لایەنی پراکیتکی توێژینەوەکەو زانینی ڕای دەستەبژێری ئەکادیمیی بواری میدیا، توێژەران فۆرمێکی ڕاپرسیان ئامادەکردو بە شێوازی سامپڵێکی مەبەستدار ئاڕاستەی مامۆستایانی بەشەکانی میدیایان لە زانکۆ و پەیمانگاکان کرد، فۆرمەکە پێکهاتبو لە (20) پرسیار، کە بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراو بە شێوازێکی ئەلیکترۆنی نێردرا بۆ مامۆستایانی میدیا لەسەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، لە دەرئەنجامدا (74) مامۆستای میدیا لە هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا فۆرمەکەیان پرکردەوە.

- **ڕاستیی توێژینەوەکە:** توێژەران کاریان لەسەر ڕاستیی ڕواڵەتی توێژینەوەکە کردوە بۆ ئامرازی توێژینەوەکە، بەجۆرێک پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی ڕا بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێک لەبواری ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی و تۆمارکردنی تێبینییەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت = برگە ڕاستەکان/کۆی برگەکان×١٠٠، واتە: ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی ڕا = ٨٩/٨١×١٠٠= ٩١،٠١%، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.
- **جێگیری توێژینەوەکە:** توێژەران بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی ڕا توێژەر جێگیری ناوخۆییان بەکارهێناوە بۆ داتاکانی توێژینەوەکە، بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (ئەلفاکرونباخ) بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

| بڕگە | ژمارەی بڕگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|---|
| پرسیارەکان | 89 | 0,847 |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەجێگیری توێژینەوە بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی بریتییە لە (0,847)، کە ئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

## 2- خستنەڕوی داتاکان و دەرەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە

### تەوەری یەکەم: زانیاریە دیمۆگرافییەکان

خشتەی ژمارە (1)

زانیاریە دیمۆگرافییەکان

| زانیارییە دیمۆگرافییەکان | | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | مێ | 20 | 27 | 2 |
| | نێر | 54 | 73 | 1 |
| کۆ | | 74 | 100 | |
| بڕوانامە | ماستەر | 41 | 55 | 1 |
| | دکتۆرا | 33 | 45 | 2 |
| کۆ | | 74 | 100 | |
| نازناوی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 34 | 46 | 1 |
| | مامۆستا | 17 | 23 | 3 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | 30 | 22 | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | |
| 4 | 1 | 1 | پرۆفیسۆر | |
| | 100 | 74 | کۆ | |
| 1 | 40 | 30 | ڕۆژنامە | پسپۆڕێتیی |
| 2 | 37 | 27 | تەلەفزیۆن | |
| 4 | 8 | 6 | پەیوەندییە گشتییەکان | |
| 3 | 15 | 11 | هی دیکە | |
| | 100 | 74 | کۆ | |
| 1 | 22 | 16 | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | زانکۆ |
| 2 | 18 | 13 | سلێمانی | |
| 3 | 15 | 11 | پۆلیتەکنیکی هەولێر | |
| 4 | 12 | 9 | سەلاحەدین | |
| 5 | 8 | 6 | پۆلیتەکنیکی دهۆک | |
| 6 | 5 | 4 | هەڵەبجە | |
| 7 | 4 | 3 | جیهان | |
| 6 دوبارە | 5 | 4 | کۆیە | |
| 7 دوبارە | 4 | 3 | گەرمیان | |
| 8 | 1 | 1 | گەشەپێدانی مرۆیی | |
| 6 دوبارە | 5 | 4 | دیارینەکراوە | |
| | 100 | 74 | کۆ | |

لە خشتەی ژمارە (1)دا دەردەکەوێت، کە لە نێو هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە بواری میدیادا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ڕەگەزی (نێر) زیاترە لە ڕەگەزی (مێ) بە ڕێژەی (73%) و لە نێوان بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرادا، بڕوانامەی (ماستەر) بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (55%) دێت، و لە نێو نازناوە زانستییەکانی (مامۆستای یاریدەدەر و مامۆستاو پرۆفیسۆری یاریدەدەرو پرۆفیسۆر) نازناوی (مامۆستای یاریدەدەر) بە ڕێژەی (46%) بە پلەی یەکەم دێت، هەر لەخشتەکەداو لە نێو پسپۆڕێتیەکانی (ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و پەیوەندیە گشتییەکان و هەندێ پسپۆڕێتی دیکەدا) پسپۆڕێتیٚ (ڕۆژنامە) بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (44%) دێت، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سەرەتای کاری میدیایی و بایەخدانەکانی

پسپۆرانی بواری میدیا زیاتر بەلای پسپۆڕێتی (ڕۆژنامە)دا بوە، لە کۆتایی خشتەکەدا دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەوانەی فۆرمی ڕاپرسیەکەیان پرکردوتەوە هەڵگرانی بروانامەی ماستەر و دکتۆران لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بە ڕێژەی (22%)، پاشان زانکۆی سلێمانی بە ڕێژەی (18%) دواتر (زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر) بە ڕێژەی (14%) و بەم شێوەیە.

## تەوەری دوەم:

## خوەکانی سەیرکردنی هەواڵەکانی کاتژمێر (8)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

خشتەی ژمارە (2)

تەماشاکردنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 49 | 66 | 1 |
| نەخێر | 25 | 34 | 2 |
| کۆ | 74 | 100 | |

لە خشتەی ژمارە (2)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (66%)ی سامپڵی توێژینەوەکە تەماشای هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) دەکەن، کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆر بەرز نییە، بە تایبەت بۆ توێژێک کە هەم مامۆستای زانکۆن و هەم پسپۆڕێتیان بواری میدیایە، ئاماژەیە بە کەمبونەوەی ڕێژەی بینینی هەواڵەکان و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی گشتی و پەیدابونی جێگرەوی دیکە بۆ ئامرازی تەلەفزیۆن.

خشتەی ژمارە (3)

**هۆکاری تەماشانەکردنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| سەیری هەواڵی کەناڵە عەرەبییەکان دەکەم | 2 | 8 | 2 |
| سەیری هەواڵی کەناڵە بیانییەکان دەکەم | 1 | 4 | 3 |
| کاتم نییە بۆ سەیرکردنی هەواڵەکان | 2 | 8 | 2 دوبارە |
| لە ڕێگەی سایتی ئەلیکترۆنییەکانە و سۆشیاڵ میدیاوە ئاگاداری هەواڵەکان دەبم | 17 | 68 | 1 |
| متمانەم بە هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان نییە | 1 | 4 | 3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەیری کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان دەکەم، بەڵام کاتی هەواڵەکان دەیگۆڕم | 1 | 4 | 3 دوباره |
| هەمویان | 1 | 4 | 3 دوباره |
| کۆ | 25 | 100 | |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە هۆکاری سەرەکی تەماشانەکردنی هەواڵەکان و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی گشتی لای بەشێک لە سامپڵی توێژینەوەکە بۆ پەیدابونی بژاردەی (سایتە ئەلیکترۆنییەکان و سۆشیال میدیا) دەگەڕێتەوە، بە ڕێژەی (68%) پاشان هۆکارەکانی دیکە دێت، وەک لە خشتەکەدا دیارە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەری هەڵکشاوی میدیای ئەلیکترۆنی و کێبڕکێی بۆ کەناڵەکانی دیکەی وەک تەلەفزیۆن و ئامرازە میدیاییە کۆنباوەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (4)

**ئاستی تەماشاکردنی درێژەی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| تەنها سەیری هەواڵەکانی کاتژمێر هەشت دەکەم | 30 | 61 | 1 |
| زۆرینەی هەواڵەکان سەیر دەکەم | 17 | 35 | 2 |
| سەرجەم بڵاوکراوەی هەواڵەکان سەیر دەکەم | 2 | 4 | 3 |
| کۆ | 49 | 100 | |

لە خشتەی ژمارە (4)دا دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆر لە سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی (61%) تەنها سەیری یەک درێژەی هەواڵ دەکەن کە ئەویش هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ە، هەر بۆیە زۆرێک لە کەناڵەکان لە هەرێمی کورستان تەنانەت لە سەر ئاستی جیهان بایەخی تایبەت بە هەواڵەکانی کاتژمێر دەدەن و هەواڵە گەرمەکان و ڕاپۆرتە گرنگەکانیان لەو کاتەدا پەخش دەکەن.

خشتەی ژمارە (5)

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەواڵەکان سەیر دەکەم | 12 | 25 | 2 |
| تەنها سەردێڕەکان سەیر دەکەم | 8 | 16 | 3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەشێک لە هەواڵەکان سەیر دەکەم و دەچمە سەر کەناڵێکی تر | 29 | 59 | 1 |
| کۆ | 49 | 100 | |

**شێوازی بینینی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)**

لە خشتەی پێشو بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە خوی تەماشاکردنیان بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) بەجۆرێکە کە بەشێک لە هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) تەماشا دەکەن و دەچنە سەر کەناڵێکی تر. هۆکاری ئەمەش بۆ زۆری بژاردەکانی بەردەم بینەرانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانە و دەتوانن لە یەک کاتدا ئاگاداری چەندین کەناڵی میدیایی جۆراوجۆر ببن.

خشتەی ژمارە (6)

**دروستبونی گفتوگۆ لە کاتی تەماشاکردنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| جۆرێک لە گفتوگۆ لەنێو خێزانەکەم و هاوڕێیان دروست دەبێت | 40 | 82 | 1 |
| هیچ جۆرە گفتوگۆیەک دروست نابێت | 9 | 18 | 2 |
| کۆ | 49 | 100 | |

لە خشتەی ژمارە (6) ڕون دەبێتەوە کە لە کاتی تەماشاکردنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) جۆرێک لە گفتوگۆ لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە و ئەندامانی خێزان و هاوڕێکاندا دروست دەبێت، بەڕێژەی (81%)، کە ئەوەش ڕێژەیەکی بەرزە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەرییەکانی ئامرازە میدیاییەکان لەسەر خێزانەکان.

خشتەی ژمارە (7)

**بینینی شەوانە بۆ هەواڵەکانی کاتژمێر (8)**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| هەمو شەوێک | 18 | 37 | 2 |
| شەو ناو شەوێک | 2 | 4 | 3 |
| پچڕپچڕ | 29 | 59 | 1 |
| کۆ | 49 | 100 | |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا و داتاکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە تەماشاکردنی بەشێکی زۆر لە سامپڵی توێژینەوەکە بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) بە شێوەیەکی پچڕپچڕە بە ڕێژەی (59%).

خشتەی ژمارە (8)

**جۆری سەیرکردنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بە تەنها سەیری کەناڵی خوازراوی خۆم دەکەم | 17 | 35 | 2 |
| زوزو کەناڵەکان دەگۆرم و چەند کەناڵێک سەیر دەکەم | 32 | 65 | 1 |
| کۆ | 49 | 100 | |

سەبارەت بە شێوازی تەماشاکردنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) وەک لە خشتەی ژمارە (8) دەردەکەوێت، کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە سامپڵی توێژینەوەکە و بە ڕێژەی (65%) زوزو کەناڵەکان دەگۆڕن و چەند کەناڵێک تەماشا دەکەن.

خشتەی ژمارە (9)

**ماوەی تەرخانکراو بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| 15 خولەک بێت | 18 | 37 | 2 |
| 30 خولەک بێت | 29 | 59 | 1 |
| 45 خولەک بێت | 2 | 2 | 3 |
| یەک کاتژمێر بێت | 0 | 0 | |
| کۆ | 49 | 100 | |

سەبارەت بە ڕای سامپڵی توێژینەوەکە بۆ کاتی تەرخانکراو بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) بەشێکی زۆر بە ڕێژەی (59%) پێیان باشە ماوەکەی (30) خولەک بێت.

**تەوەری سێهەم:**

**ئاستی بەرکەوتنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)**

خشتەی ژمارە (10)

بینراوترین کەناڵی کوردی بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کوردستان 24 | 3 | 6 | 4 |
| TRT کوردی | 0 | 0 | |
| کوردسات نیوز | 7 | 14 | 3 |
| پەیام | 2 | 4 | 5 |
| العراقیە کوردی | 0 | 0 | |
| سپێدە | 2 | 4 | 5 دوبارە |
| سەحری کوردی | 0 | 0 | |
| ڕوداو | 22 | 45 | 1 |
| NRT | 11 | 23 | 2 |
| گەلی کوردستان | 0 | 0 | |
| KNN | 2 | 4 | 5 دوبارە |
| کوردستان تی ڤی | 0 | 0 | |
| کۆ | 49 | 100 | |

وەک لە خشتەی ژمارە (10) دا دەردەکەوێت کە بینراوترین کەناڵی تەلەفزیۆنی بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) و بە پلەی یەکەم کەناڵی (ڕوداو)ە بەڕێژەی (44%)، پاشان کەناڵی (NRT) بە پلەی دوەم و بە ڕێژەی (22%)، پاشان کەناڵی (کوردسات نیوز) بە پلەی سێهەم و بەڕێژەی (14%) پاشان کەناڵەکانی تر بە ڕێژەی جۆراوجۆر.

خشتەی ژمارە (11)

**جۆری هەواڵی بینراو لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ئابوری | 2 | 4 | 3 |
| ئاینی | 0 | 0 | |
| تەندروستی | 0 | 0 | |
| وەرزشی | 1 | 2 | 4 |
| سیاسی | 39 | 80 | 1 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | 2 | 4 | 3 دوبارە |
| هەمەڕەنگ | 5 | 10 | 2 |
| کۆ | 49 | 100 | |

لەم خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەیەکی زۆر کە (80%) یە بینەری هەواڵە سیاسیەکانن، پاشان هەواڵی هەمەڕەنگ بە ڕێژەی (10%) و پاشان هەواڵە ئابوری و هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەی (4%) . دیارە هۆکاری ئەم بایەخدانە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بۆ زاڵبونی ژینگەی سیاسیە بەسەر بابەتەکانی دیکەی ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، جگە لەوەی بواری پسپۆڕێتی سامپڵی توێژینەوەکە ئەوە دەخوازێت کە ئاگاداری بابەتە سیاسییەکان بن.

خشتەی ژمارە (12)

**کاریگەریی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| هۆشیاری سیاسی لا دروست کردوم | 16 | 26 | 3 |
| متمانەمی بە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی لاواز کردوە | 15 | 25 | 4 |
| هەواڵ و زانیاری باشم پێ دەبەخشێ | 22 | 36 | 2 |
| پێویستیم بە سەرچاوەی تر نەماوە بۆ هەواڵ و زانیاریی | 2 | 3 | 9 |
| پاڵپشتیم دەکات بۆ زیاتر داواکردنی مافەکانم | 4 | 7 | 8 |
| زانیاریم لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کورستان زیاتر بوە. | 31 | 51 | 1 |
| زانیاریم لەسەر ڕوداوەکانی وڵاتانی عەرەبی زیاتر بو | 4 | 7 | 8 وبارە |
| زانیاریم لەسەر ڕوداوەکانی جیهان زیادی کردوە | 9 | 15 | 5 |
| هەمویان ( ) | 6 | 10 | 7 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هیچیان | 7 | 12 | 6 |

**سەرنج: بەرتوێژەکان زیاد لە بژاردەیەکیان دیاری کردوە**

لە خشتەی ژمارە (12) و داتاکاندا دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (50%) و بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)وە زانیاریان لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بوە، پاشان بژاردەی (هەواڵ و زانیاری باشم پێ دەبەخشێ) یان دیاریکردوە بە ڕێژەی (36%)، پاشان بە ڕێژەی (26%) هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) هۆشیاری سیاسی بۆ سامپڵی توێژینەوەکە دروستکردوە.

خشتەی ژمارە (13)

**ڕیکلام لە هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| گونجاوە | 15 | 31 | 2 |
| نەگونجاوە | 22 | 45 | 1 |
| نازانم | 12 | 24 | 3 |
| کۆ | 49 | 100 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە نزیک لە نیوەی سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (44%) ڕیکلامی نێو هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) بە گونجاو نازانن، کە ئەوەش ڕێژەیەکی بەرزە.

خشتەی ژمارە (14)

**هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) و پێویست نەبون بە سەرچاوەی تر**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 10 | 20 | 2 |
| نەخێر | 39 | 80 | 1 |
| کۆ | 49 | 100 | |

لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بوەتە هۆی ئەوەی پێویستیان بە سەرچاوەی دیکەی هەواڵ نەبێت؟ زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی (80%) بە

(نەخێر) وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوەو پێیانوایە کە هێشتا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نەبونەتە جێگرەوە بۆ سەرچاوە هەواڵییەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (15)

**کاریگەریی تێڕوانینی سیاسی لەسەر سەیرکردنی جۆرێک لە کەناڵ**

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 30 | 61 | 2 |
| نەخێر | 19 | 39 | 1 |
| کۆ | 49 | 100 | |

خشتەی ژمارە (15) ئەوە ڕون دەکاتەوە کە تێڕوانینی سیاسیانە بەڕێژەی (61%) کاریگەریی لەسەر تەماشاکردن و هەڵبژاردنی جۆرێک لە کەناڵ هەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە.

خشتەی ژمارە (16)

هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ وانە زانستییەکان

| بژاردە | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 15 | 31 | 2 |
| نەخێر | 34 | 69 | 1 |
| کۆ | 49 | 100 | |

لە خشتەی ژمارە (16) دەردەکەوێت کە ڕێژەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (69%) پێیانوایە کە هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نەبونەتە سەرچاوەیەک بۆ وانە زانستییەکان لە بواری پسپۆڕێتی میدیادا.

## ئەنجامەکان

1. کەمبونەوەی ڕێژەی بینینی هەواڵەکان و تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی گشتی و پەیدابونی جێگرەوی دیکە بۆ ئامرازی تەلەفزیۆن.
2. هۆکاری سەرەکی تەماشانەکردنی هەواڵەکان و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی گشتی بۆ پەیدابونی بژاردەی (سایتە ئەلیکترۆنییەکان و سۆشیالمیدیا) دەگەڕێتەوە.
3. بەشێکی زۆر لە سامپڵی توێژینەوەکە تەنها سەیری یەک (دڕێژەی هەواڵەکان) دەکەن، کە ئەویش هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)ە.

4. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە خوی تەماشاکردنیان بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) بەجۆرێکە کە بەشێک لە هەواڵەکان تەماشا دەکەن و دەچنە سەر کەناڵێکی تر.
5. شێوازی تەماشاکردنی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) بۆ بەشێکی زۆر لە سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی پچرپچڕەو زوزو کەناڵەکان دەگۆڕن و چەند کەناڵێک تەماشا دەکەن.
6. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە کاتی تەرخانکراو بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) ماوەکەی (30) خولەک بە گونجاو دەزانن.
7. بینراوترین کەناڵی تەلەفزیۆنی بۆ هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) بە پلەی یەکەم کەناڵی (ڕوداو) دێت، پاشان کەناڵی (NRT) بە پلەی دوەم، پاشان کەناڵی (کوردسات نیوز) بە پلەی سێهەم.
8. زۆرینەیەکی ڕەهای سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم بینەری هەواڵە سیاسیەکانن، پاشان هەواڵی هەمەڕەنگ و پاشان هەواڵە ئابوری و هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان.
9. سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت)وە زانیاریان لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان وەرگرتوە، پاشان بە پلەی دوەم هەواڵ و زانیاری گشتی، بە پلەی سێهەمیش هۆشیاری سیاسیی بۆ دروست کردون.
10. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە کە هێشتا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نەبونەتە جێگرەوە بۆ سەرچاوە هەواڵییەکانی دیکە.
11. تێڕوانینی سیاسیانە کاریگەریی لەسەر تەماشاکردن و هەڵبژاردنی جۆرێک لە کەناڵ هەیە.
12. بەشێکی زۆر لە سامپڵی توێژینەوەکە هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) نەبوتە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی بواری پسپۆڕێتییەکەیان لە میدیادا.

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان

1- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بایەخی زیاتر بە شێوازی پێشکەشکردن و ناوەڕۆکی هەواڵەکانی (کاتژمێر هەشت) بدەن.

2- گرنگیدانی زیاتر بەو تەواوکارییەی لە نێوان کەناڵی ئاسمانیی و سۆشیال میدیایەو کەناڵە ئاسمانییەکان بایەخی زیاتر بەم بوارە بدەن.

3- پسپۆڕانی بواری میدیا توێژینەوەی زانستیی هاوشێوە ئەنجام بدەن بۆ ئاڕاستەی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و ناوەڕۆکی کەناڵە ئاسمانییەکان بە شێوەیەکی گشتی.

# The exposure level media teachers for the news (eight o'clock PM) of Kurdish television channels

**Yahya Omer Fatah[1] Mahdi Abdullah hasan[2]**

[1+2]Media Department, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The aim of this research is to understand the idea and direction of the media instructors for the news at 8:00PM in the Kurdish Satellite Channels. The majority of the viewers of the satellite channels pay more attention to the news at 8:00 PM, as the habit of the international channels. The Kurdish satellite channels solicitude to the news of 8:00 PM. The Kurdish channels are preparing special news covering and the companies that are working in the economic fields are emphasizing on showing their advertisements at 8:00 PM news as it is considered as Golden Time by some of the Media Analysts.

This research is considered as descriptive research and depends on media theory (Media Tools) and relies on questionnaire forms as a used tool in the research. In the end, the researchers concluded some outcomes such as; decrease the percentage of the News and TV viewers in general as there are alternatives for the Satellite channels.

There are some kinds of debate during watching the news at 8:00 PM among family members and, friends and on the other side with the sample of the research, the mass majority of this research samples come first to follow the Political news, then Miscellaneous news, Economy news and then the social news. Most of the research samples show that the Kurdish channels are not alternative for the other news resources .

**Key words**: News, Satellite channels, Reliance on media tools, News at 8:00 PM.

## سەرچاوەکان

المشهدانی. سعد سلمان (2020)منهجية البحث الإعلامي، الامارات، دار الكتاب الجامعي.
فهمي، أماني السيد(١٩٩٩)، الاتجاهات العالمية الحديثة لنظريات التأثير في الراديو والتليفزيون، المجلة المصرية لبحوث الإعلام، (القاهرة، كلية الإعلام، جامعة القاهرة، العدد السادس ديسمبر. ص 207 ـ245)
نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام، المعهد المصري للدراسات. https://eipss-eg.org/
مراد، كامل خورشيد (2011)، الاتصال الجماهيری و الاعلام، عمان، دار المسيره.

Christiane Eilders (1997): Nachrichtenfaktoren und Rezeption. Eine empirische Analyse zur Auswahl und Verarbeitung politischer Informationen.
Dietz Schwiesau / Josef Ohler(2016): Nachrichten – klassisch und multimedial. Ein Handbuch für Ausbildung und Praxis. Springer VS. Wiesbaden.
Ines Bose/ Dietz Schwiesau (Hrsg.)(2011): Nachrichten schreiben, sprechen, hören. Forschungen zur Hörverständlichkeit von Radionachrichten. Berlin.
Kepplinger, Hans Mathias(1998): Der Nachrichtenwert der Nachrichtenfaktoren. In: Holtz-Bacha, Christina; Helmut Scherer; Norbert Waldmann (Hrsg.): Wie die Medien die Welt erschaffen und wie wir darin leben. Opladen [Westdeutscher Verlag].
Schulz, Winfried(1990): Die Konstruktion von Realität in den Nachrichtenmedien. Analyse der aktuellen Berichterstattung. Auflage. Freiburg/München [Karl Alber].